https://doi.org/10.54809/jkss.vi7.292
گۆڤاری كوردستانیی بۆ لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە (ODD) لای منداڵانی تووشبوو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم

**م.د.هوشیار صدیق سەنگاویی**
.بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتیی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
hoshiar.faraj@univsul.edu.iq

**پوختە.**
توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژە بە لێکەوتەکانی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لای منداڵان ئەکەن، ئەکرێت بەرزیی لە ڕێژەی ئەم گرفتە ڕەنگدانەوەی نەرێنیی زیاتری لەسەر ڕەفتاریی منداڵانی تووشبوو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم هەبێت. بەڵام کێشەی سەرەکیی ئەوەیە کە زانیاریی تەواو لە بەردەست نییە سەبارەت بە زانینی ڕێژەی بەربڵاوی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لای منداڵانی ئۆتیزم لە قوتابخانە و سەنتەرەکانی شاری سلێمانی. هەروەها بە پێی زانیاریی سنوورداری توێژەر هەتا ئێستا توێژینەوەیەکی هاوشێوە لە سەنتەری شاری سلێمانی نەکراوە. لەبەر گرنگیی ئەم بابەتە، توێژینەوەکەی ئێستا بەجێهێنرا بە ئامانجی زانینی ڕێژەی بەربڵاوی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە (ODD) لای منداڵانی تووشبوو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم. ئامانجی تری توێژینەوەکە زانینی جیاوازییە لە ئاستی (ODD) بە پێی هەریەک لە گۆڕاوی ڕەگەز و تەمەن. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفیی بەکارهێنرا و، نموونەی توێژینەوەکە پێکهات لە (٦٤) منداڵی تەمەن (٣-١١) ساڵیی تووشبوو بە ئۆتیزم کە لە سێ سەنتەری شاری سلێمانی هەڵبژێرابوون. پاش دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمیترییەکانی وەک (ڕاستگۆیی و جێگیریی) توێژەر پشتی بە پێوەری الدسوقی (٢٠١٥) بەست بۆ پێوانی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە. ئامرازە ئامارییەکانی وەک شاپیرۆ و کۆلمۆگرۆڤ، کرونباخ _الفا، مان ویتنیی لە توێژینەوەکەی ئێستادا بەکارهێنرا. ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە ڕێژەی بەربڵاوی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە ( ٣١٪) بوو. هەروەها منداڵانی ئۆتیزم لە ڕەگەزی نێر زیاتر ئەناڵێنن بە دەست شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوەوە، بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە بە گەورەبوونی تەمەن، ئاستی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوەوە زیاتر ئەبێت. لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانەدا چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەك خراونەتەڕوو.

**کلیلە وشەکان: ڕێژەی بەربڵاویی، شڵەژان، شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە، شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم**

Recieved: 3/7/2023
Accepted: 27/8/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەكیی:

توێژینەوەكانی پێشوو ئاماژە بەوە ئەكەن كە شڵەژانە دەروونییەكان كاریگەری نەرێنیی ئەبێت لەسەر پرۆسەی فێركردن و پەروەردەكردنی تاك. یەكێك لەو شڵەژانانەی كە بەشێك لە منداڵان پێوەی ئەناڵێنن، شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتكردنەوەیە. منداڵی تووشبوو بەم شڵەژانە پێویستیی بە مامەڵكردنێكی تەندرووست و چاودێرییكردنی تایبەت هەیە كە هاوكار ئەبێت بۆ كەمكردنەوەی ئاستی حاڵەتەكەی، چونكە ئەگەر رێگەچارەیەكی تەندرووست و گونجاوی بۆ نەكرێت ئەوا زۆر جار پەرە ئەسێنێت و ئەگۆڕێت بۆ شڵەژانی رەفتار (conduct disorder) و، ئەمەش لەگەڵ گەورەبوونی تەمەن ئەگەری هەیە بگۆڕێت بۆ شڵەژانی دژە-كۆمەڵگا .

Diamantopoulos et al.,2010,p.91; American psychiatric Association, 2022.p.462) )

دەرەنجامی توێژینەوەكانی پێشوو ئەوەیان خستۆتەڕوو كە بوونی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتكردنەوە لای منداڵ پەیوەندی نەرێنیی هەیە بە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، رێزگرتنی بەرامبەر، رەفتاریی شەرەنگێزیی و چەندین گرفتی تری دەروونیی (Frankel & Feinberg, ٢٠٠٢) و، ئاستی ئەم پەیوەندیە نەرێنییە ئەكرێت زۆر زیاتر بێت لای منداڵێكی خاوەن پێداویستی تایبەت، بۆ نموونە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم (Autism spectrum disorder).

رێبەری دەستنیشانكردن و سەرژمێریی پێنجەمی تایبەت بە شڵەژانە ئەقڵانییەكان ( DSM-5-TR) ئاماژە بە بوونی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتكردنەوە لای منداڵانی ئۆتیزم ئەكەن، بەهەند وەرگرتنی ئەم تێكەڵاوییە (Comorbidity) یارمەتییدەرە بۆ زیاتر تێگەیشتنی چاودێران و مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت سەبارەت بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لە سەنتەرەكاندا. بەڵام كێشەی سەرەكیی ئەوەیە كە زانیاریی تەواو لە بەردەست نییە سەبارەت بە زانینی رێژەی بەربڵاوی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتكردنەوە لای منداڵانی ئۆتیزم لە قوتابخانە و سەنتەرەكانی شاری سلێمانی. هەروەها بە پێی زانیاریی سنووورداری توێژەر هەتا ئێستا توێژینەوەیەكی هاوشێوە لە سەنتەری شاری سلێمانی نەكراوە. بۆیە لەم سۆنگەیەوە توێژەر هەستا بە بەجێهێنانی توێژینەوەیەكی زانستیی بە مەبەستی زانینی رێژەی بەربڵاوی (prevalence)شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتكردنەوە (ODD) لای منداڵانی تووشبوو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم .

## گرنگیی توێژینەوەكە

### - لایەنی تیۆریی

شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتكردنەوە (Oppositional defiant disorder (ODD بە یەكێك لە شڵەژانە رەفتارییەكان دائەنرێت، ئەو منداڵانەی رووبەڕووی ئەم شڵەژانە ئەبنەوە هەوڵی بێزاركردنی كەسانی چواردەوریان ئەیەن، تاوانی خۆیان ئەخەنە ئەستۆی كەسانی تر و بە خێرایی تووڕە ئەبن و، هەوڵی درووستكردنی بەرهەڵستیی ئەیەن و حاڵەتی میزاجییان بە خێرایی ئەگۆڕێت، هەروەها هەندێك جار كەرەستەكانی چواردەوریان تێك ئەشكێنن ( الدسوقی ، ٢٠١٥ ، لا ٦١ ).

چەمكی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتكردنەوە بۆ یەكەم جار وەك چەمكێكی دیار و سەربەخۆ لە رێبەری دەستنیشانكردن و سەرژمێریی سێیەم بۆ دەستنیشانكردنی شڵەژانە ئەقڵانییەكان (DSM-III) دانراو بە شڵەژانی كەلەڕەقیی ناوزەند و پۆلێن كرا لە ریزی ئەو شڵەژانانەی كە لە قۆناغەكانی منداڵیی و هەرزەكارییدا دەرئەكەون. پاش حەوت ساڵ، لە رێبەری (DSM-III-R) ناوی ئەم چەمكە لە شڵەژانی كەلەڕەقییەوە گۆڕرا بۆ شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتكردنەوە (American Psychiatric Association, ١٩٨٧) .

نیشانەکانی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لە ساڵەکانی پێش چوونە قوتابخانە دەرئەکەوێت و، دەرکەوتنی نیشانەکان هەتا تەمەنی هەرزەکارییش بەردەوام ئەبێت. ڕێبەری دەستنیشانکردن و سەرژمێریی بۆ نەخۆشییە ئەقڵانییەکان (DSM-V-TR) نیشانەکانی تووشبوون بە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوەی دەستنیشان کردووە کە (تووڕەبوون و میزاجی کاردانەوەیی، ڕەفتاری دەمەقاڵێ و کەلەڕەقیی و ئارەزووی تۆڵەکردنەوە و قین لە دڵی ) لەخۆ ئەگرێت. بەمەبەستی دەستنیشانکردن، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ئەم نیشانانە بۆ زیاتر لە شەش مانگ لە کەسی تووشبوو دا بەردەوام بێت.

بەشێك لە توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەیان بە بەرزی ئاستی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لای مناڵانی تووشبوو بە شڵەژانە دەمارییەکان (Neurodevelopmental disorders) داوە. بۆ نموونە لە دەرەنجامی توێژینەوەکەی القرعان (٢٠١٧) دەرکەوت کە ئاستی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوە لای خوێندکاری خاوەن ئاستەنگی فێربوون زیاترە بەراورد بە منالانی ئاسایی ( القرعان ،٢٠١٧، لا٣). لە لایەکی ترەوە، توێژەرانی بواری دەروونزانیی سەلماندوویانە کە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لێکەوتەی خراپ لەسەر مناڵ بەجێ ئەهێڵێت، هەروەك دەرکەوتووە ئەو منالانەی کە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوەیان هەیە زۆرتر تووشی ئاستەنگی ئەکادیمیایی Academic Difficulties ئەبنەوە بەراورد بەو منالانەی کە ئەم شڵەژانەیان نییە ( Salend & Sylvestre,٢٠٠٥,p.٣٦).

سەبارەت بە ڕێژەی بەربڵاوی (Prevalence) ی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لای منالانی تووشبوو بە شڵەژانی ئۆتیزم، لە دەرەنجامی توێژینەوەکەی Gadow et al., (٢٠٠٤a) دەرکەوتووە کە ڕێژەی بەربڵاوی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لای منالی (٣-٥) ساڵی تووشبوو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم (١٣٪) یە و، بەڵام ئەم ڕێژەیە زیاد ئەکات بە گەورەبوونی تەمەن بە جۆرێك کە ئەکاتە (٢٧٪) لای منالانی ١٢ ساڵان. هەروەها لە توێژینەوەکەی ( ٢٠٠٨) Gadow et al., کە لەسەر ٦٠٨ منالیی تەمەن سێ بۆ دوانزە ساڵیی کرابوو، دەرکەوت کە ئاستی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە و کەمیی بەئاگایی لای منالانی تووشبوو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم زیاترە بەراورد بە منالی ئاسایی.

هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، لە ئەنجامی توێژینەوەکەی (٢٠٠٨) Simonoff et al. کە لەسەر ١١٢ منالی ئۆتیزم کرابوو، دەرکەوت کە ڕێژەی بەربڵاوی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لای نموونەی توێژینەوەکە (٢٨,١٪) پێک ئەهێنێت .

سەبارەت بە جیاوازیی لە شڵەژانی بەرەنگاربونەوە بە پێی ڕەگەز، دەرەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژە بەوە ئەکەن کە جیاوازیی هەیە لە نێوان کچ و کوڕ، بە جۆرێك کە ئاستی شڵەژانە ڕەفتارییەکان وەك شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لە کوڕدا زیاترە بە بەراورد بە کچ Sangawi et al.,٢٠١٨; Stevens et al. ٢٠٠٧). بە پێی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی پزیشکانی دەروونیی ئەمریکایی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە زیاتر لای ڕەگەزی نێر بەربڵاوترە بە بەراورد بە مێ و، زۆر جار نیشانەکانی لە پێش تەمەنی (٨) ساڵیی دا دەست بە دەرکەوتن ئەکەن (American psychiatric Association, 2022) .

هەروەك توێژەران و شارەزایانی دەروونیی ئاماژەیان پێ کردوە، ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر شڵەژانی بەرەنگاربوونەوە لای منال گرنگییەکی زۆری هەیە و پێویستە ڕێژەی بڵاوبوونەوەی بزانرێت و هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، چونکە ئەگەر ئەم شڵەژانەی منال فەرامۆشکرا ئەوا دوور نییە لە داهاتوودا چەندین کێشەی تری ڕەفتاریی و دەروونیی لای منال درووست بکات. بۆ نموونە (Holland, ٢٠١٩) ئاماژە بەوە ئەکات کە ٣٠٪ ی ئەو منالانەی کە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەیان هەیە، ئەگەر چارەسەری گونجاویان بۆ نەکرێت لە داهاتوودا تووشی شڵەژانی ڕەفتاریی (الاضطراب السلوك) ئەبن و، هەروەها ١٠٪ یان ئەگەری تووشبوون بە شڵەژانی کەسێتیی وەك دژە-کۆمەڵگەیان هەیە ( الشخصیە المضادة للمجتمع ).

## - لایەنی پراکتیکیی

١.ئەکرێت ئەم توێژینەوەیە سوودی هەبێت بۆ دایکان و باوکان بەمەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لەسەر هەڵسووکەوتی بەرەنگاریی منالە تووشبووەکانیان بە شلەژانی ئۆتیزم .

٢. ئەکرێت بەرچاوڕوونیی زیاتر بات بە چاودێران و مامۆستایانی بەشی پەروەردەی تایبەت سەبارەت بە شلەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە لای منالانی تووشبوو بە شلەژانی ئۆتیزم.

٣. ئەکرێت لایەنی پەیوەندییدار، بە تایبەتی کاروباری کۆمەلایەتیی، سوود لە دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە وەرگرن.

٤. ئەم توێژینەوەیە بە زمانی کوردیی نوسراوە و ئەکرێت خوێندکار و توێژەران وەکو سەرچاوەیەك سوودی لێ وەربگرن.

## ئامانجی توێژینەوە :

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە :

١.زانینی رێژەی بەربلاوی شلەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە لای منالانی شلەژانی شەبەنگی ئۆتیزم.

٢. زانینی جیاوازیی لە شلەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە لای منالانی ئۆتیزم بە پێی گۆڕاوی رەگەز.

٣.زانینی جیاوازیی لە شلەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە لای منالانی ئۆتیزم بە پێی گۆڕاوی تەمەن.

## سنووری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەکە لە سێ سەنتەری ناوەندی شاری سلێمانی لە ساڵیی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ لای منالانی تایبەت بە شلەژانی شەبەنگی ئۆتیزم جێبەجێ کرا.

## چەمك و زاراوەکانی توێژینەوەکە :

شلەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە :

پێناسەی Hallahan ,Kuffman &Pullen (2009)

« ئاکارێکە لە بەرهەڵستییکردنی داواکاری دایك و باوکان و ئەوانی تر. ئەم کەسانە زۆربەی کات تووڕە و هەڵچوون و، سەرزەنشتی بەرامبەر ئەکەن و تووشی ئاستەنگی ئەبنەوە لە درووستکردنی هاوڕێ و بەدەستهێنانی گرنگیی و خۆشەویستیی کەسانی تر» .

## پێناسەی کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمریکی (٢٠٢٢) :

« ئاکارێکە وەسف ئەکرێت بە تووڕەبوون و بەرەنگاربوونەوە و ئارەزووی تۆڵەکردنەوە و بەرهەڵستکاریی کەسانی تر» (American psychiatric Association, 2022,p.460 ).

## پێناسەی الدسوقی (٢٠١٥):

«ئاکارێکی نەرێنیی و هەڵچووی و شەڕانگێزیە، ئەو کەسانەی رووبەرووی ئەم شلەژانە ئەبنەوە هەوڵی بەرهەڵستییکردن و بێزارکردنی کەسانی چواردەوریان ئەیەن. حاڵەتی میزاجیان بە خێرایی ئەگۆڕێت، هەندێك جار کەرەستەکانی چواردەوریان تێك ئەشکێنن. سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ئاکارە پێش تەمەنی ٨ ساڵیی هەستی پێ ئەکرێت» ( الدسوقی ، ٢٠١٥ ، لا٦١)

پێناسەی رێکاری بۆ شلەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە : ئەو نمرانەیە کە توێژەر لە ئەنجامی وەلامدانەوەی برگەکانی پێوەری الدسوقی (٢٠١٥) بۆ پێوانی شلەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە دەستی کەوتووە.

شلەژانی شەبەنگی ئۆتیزم:

«وشەو زاراوەیەکی یۆنانی کۆنە و بەمانای گۆشەگیری و کەنارگیری دێت، ئەم شڵەژانە لەدوای ٢ بۆ ٣ ساڵانەوە دەتوانرێت هەستی پێبکرێت. لاوازیی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی، ڕەفتاری دووبارە وتەماشانەکردنی ناوچاوی (eye-gazing) ئەو کەسەی لەگەڵی ئەدوێ لە دیارترین نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزمن» (قەرەچەتانی،٢٠١٥،ل١٢٣).

## پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پێشوو

### - شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە:

شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە ئاکارێکە لە بەرهەڵستیکردنی داخوازییەکانی دایکان و باوکان و کەسانی تر. ئەم کەسانە زۆربەی کات تووڕە و هەڵچوون، سەرزەنشتی کەسانی تر ئەکەن لە کاتی شکستدا و، تووشی ئاستەنگی ئەبنەوە لە دروستکردنی هاوڕێ و بەدەستهێنانی گرنگیی و خۆشەویستی کەسانی تر (Hallahan et al.,٢٠٠٩). لە گرنگترین خاڵی جیاکەرەوەی منداڵانی تووشبوو بە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە بریتیە لە قبوڵنەکردنی ئاراستەکردنیان، هەستیاری زیاد لە پێویست، خێرا تووڕەبوون و بێزاربوون. هەرچەندە ئەم شڵەژانە ڕەفتاریی ڕاکردن و یاخیبون یان ڕەفتارەکانی دژ بە کۆمەڵگەی لەگەڵدا نییە، بەڵام ئەگەر هەوڵی چارەسەر و ڕووبەڕووبونەوەی نەدرێت ئەوا ئەگەری ڕوودانی ئەو ڕەفتارانە زیاد ئەکات. کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان لە ڕێەری دەستنیشانکردن و سەرژمێری پێنجەم تایبەت بە شڵەژانە دەروونییەکان (DSM-V-TR) ئاماژە بەوە ئەکەن کە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوەی منداڵ دەستنیشان ئەکرێت لە ڕێگەی (٨) نیشانەوە، وە پێویستە بەلایەنی کەمەوە چوار لەم نیشانانەی خوارەوەی بە بەردەوامی بۆماوەی ٦ مانگ یان زیاتر تیایدا بەدیبکرێت، ئەو نیشانانەش بریتین لە:

**ت-ووڕەبوون یان میزاجی ورووژاو (گەرم )( Angry and Irritable mode ) هاوشێوەی :**

أ. زۆرجار میزاجی لە دەست ئەدات.

ب. زۆربەی کات هەڵئەچێت و بەئاسانی بێزارئەبێت.

ت. زۆربەی کات تووڕەیە.

**-ڕەفتاری بەرەنگاربوونەوە /مشتومڕ و دەماقاڵێ ( Argumentative/Defiant behavior ):**

پ. زۆربەی کات بەرەنگاری کەسانی تر ( مامۆستا، منداڵ ، کەسانی گەورە) ئەبێتەوە.

ج.زۆربەی کات پابەندی ڕێنمایی و داواکارییەکانی کەسانی تر ( مامۆستا ، دایك و باوك ، ... ) نابێت.

ح.کەسانی تر بە مەبەست بێزارئەکات.

خ.کەسانی تر سەرزەنشت ئەکات لەسەر هەڵە و خراپی ڕەفتارەکانی خۆی.

**-ڕەفتاری کیناوی (vindictiveness):**

د.منداڵێکی کینە لە دڵە و ئارەزووی تۆڵەکردنەوە ی کردووە ، بە لایەنی کەمەوە بۆ ٢ جار لەماوەی ٦ مانگی رابردوودا (American psychiatric Association, 2022,p.461).

### -سیفاتەکانی منداڵانی تووشبوو به شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە :

ئەو منداڵانەی کە خاوەنی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوەن چەند سیفاتێکیان هەیە، لەوانە :

١.ئاستێکی بەرز لە دوودڵی و خەمۆکی.

٢.تووڕەبوون و مامەڵەکردنی نەرێنیی .

٣.هەستیاریی زیاد لە پێویست.

٤.بیرکردنەوەی رووکەشیانە.

٥.بەرەنگاری ئەکەن لە بەجێ گەیاندنی کارە ئاساییەکانی رۆژانە، وەکو نووستن لە کاتی خۆیدا، رۆشتن بۆ قوتابخانە و، هاتنە سەر مێزی نانخواردن.

٦.پێداگری ئەکات لەسەر یاریکردن بەو شێوازەی خۆی دەیەوێت لەگەڵ هاورێکانی.

٧.رەنگە درۆبکات یان هەڵسووکەوتی هەڵخەڵەتێنەر بکات تەنها بۆ راکردن لە بەرپرسێتی .

٨.بە خێرایی توورە ئەبێت.

٩.بە شێوەیەکی شەرەنگێزی سەیری هەندێ کەس ئەکات بەبێ بوونی هیچ هۆکارێك.

١٠.داواکارییەکان پشتگوێ ئەخات.

١١.ناتوانێت کۆنترۆڵی دەروونیی خۆی بکات.

١٢.زۆرجارلە توورەییدا کەلوپەل و یارییەکانی ئەشکێنێت.

( Carr,1999,p;١٠.رشید و الاخرون ، ٢٠٠١، لا ٦٩)

## -ئاستەکانی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە :

بە پێی DSM-V-TR شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە دابەش ئەکرێن بۆ سێ ئاست لەوانە:

ئاستی سووک : نیشانەکانی تەنها لە جێگایەکی دیاریکراو دەرئەکەوێت ، بۆ نموونە ماڵ ، قوتابخانە ، شوێنی کار.

ئاستی مامناوەند : هەندێك لە نیشانەکان لە شوێنێك یان دوو شوێن بە لایەنی کەمەوە دەرئەکەوێت.

ئاستی توند : نیشانەکانی لە سێ شوێن یان زیاتر دەرئەکەوێت (American psychiatric Association,2022,p.463))

## - راسپاردەکانی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ زانستیی دەروونیی مناڵ و هەرزەکاران بۆ رووبەرووبوونەوەی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە چەند خاڵێک لەخۆئەگرێت لەوانە:

١.هەڵسەنگاندنی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە پێویستە ئەو زانیاریانە لە خۆبگرێت کە راستەوخۆ لە مناڵەکە یاخود لە دایك و باوکیەوە وەرئەگیرێن.

٢.رەچاوی تێکەڵاوی (Comorbidity) شڵەژانی دەروونیی تر بکرێت لەگەڵ شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە، بۆ نموونە شڵەژانی بێ ئاگایی و فرەجووڵەیی کە ئەبێت بە هۆی زیادبوونی شەرەنگێزی و رەتکردنەوە و پێداگیریی.

٣.بەردەوام چاودێرییکردنی رەفتاری مناڵی تووشبوو .

٤.بەکارهێنانی ئامرازی پێوەری جێ متمانە و باوەرپێکراو.

٥.بەکارهێنانی تەکنیکی سزا بۆ رەفتارە نەرێنیەکان.

٦.بەکارهێنانی دەرمان و چارەسەری پزیشکیی، هەروەها چارەسەرکردن لە رێگای شییکاری دەروونیی.

(American Psychiatric Association, 2022)

## -چارەسەری شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە لای مناڵان :

چارەسەری دەروونیی و راهێنانی مناڵ لە لایەن پسپۆرانەوە لە لایەک و رۆڵی دایك و باوك و خێزان لە لایەکی ترەوە گرنگە لە چارەسەرکردنی مناڵانی تووشبوو بە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە. ماوەی چارەسەر چەند

مانگێك یان زیاتر ئەخایەنێت، بناغەکانی چارەسەری شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە ئەمانەی خوارەوە ئەگرێتەوە :

## چارەسەر بە هاوکاریکردنی نێوان دایك و باوك و مناڵ Parent-Child Interaction Therapy (PCIT)

راهێنانی دایکان و باوکان : لە رێگەی کەسانی پسپۆر راهێنان بە دایك وباوکان بکرێت بۆ گەشەپێدانی توانا پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی ئەرێنییانە، هەندێك جار مناڵەکەش لەم راهێنانە بەشدار ئەبێت .

چارەسەری دەروونیی تاک و خێزانیی.

چارەسەر بە راهێنانی مەعریفیی.

راهێنانی توانا کۆمەڵایەتییەکان .

(Lavigne et al., 2008; Turgay, 2009 ;Jogdand. 2020; Prout et al., 2018)

## رێکارەکانی توێژینەوەکە

### میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەصفی بەکارهێنراوە بۆ وەصف کردن و شیکردنەوەی ئەو بابەتەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. هەروەها ئەم بەشەی توێژینەوەکە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، نموونەی توێژینەوەکە، ئامرازی توێژینەوەکە، دەرکردنی تایبەتمەندییە سایکۆمیترییە پێویستەکان (جێگیری و راستگۆی) و، بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان لەخۆئەگرێت:-

### کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە مندالانی تووشبوو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم ئەگرێتەوە کە ژمارەیان (٧٣٣) مناڵی تۆمارکراون، (٥٢١) نێرو (٢١٢) مێ لە قوتابخانە و سەنتەرەکانی ناو شاری سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣.

### نمونەی (سامپڵی) توێژینەوەکە:

دوای وەرگرتنی رەزامەندی لە چەند سەنتەرێکی منالانی خاوەن پێداویستی تایبەت (خشتەی ١)، پێوەری شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە بەشێوەیەکی هەرەمەکی سادە بەسەر (٧٥) مناڵی تووشبوو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم دابەشکرا. مەودای تەمەنی مناڵەکان لە نێوان (٣-١١) ساڵیدا بوو. شایەنی ئاماژەپێکردنە بەهۆی کەم توانایی نموونەی توێژینەوەکە لە وەڵامدانەوەی برگەکانی راپرسیەکە، داوا لە مامۆستایان و راهێنەرانی تایبەت بە مناڵەکان کرا کە راپرسیەکە پربکەنەوە. لەکۆتاییدا، لەو ژمارەی کە دابەشکرابوو (٦٤) راپرسی بۆ توێژەر گەرێنرایەوە، (١٧ ) راپرسییان تایبەت بە کچان و ( ٤٧) راپرسییان تایبەت بە کوران بوون.

خشتەی ژمارە (١)

نموونەی توێژینەوەکە روونەکاتەوە

| ناوی سەنتەر | ژمارەی مناڵ | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| د.زامدار | ٣٠ | ٢٤ | ٦ |
| مرۆڤ | ٢٦ | ١٧ | ٩ |
| رێدۆز | ٨ | ٦ | ٢ |
| **کۆی گشتی** | **٦٤** | **٤٧** | **١٧** |

## ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

بۆ پێوانەی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە پێوەری الدسوقی (٢٠١٥) بەکارهێنرا کە لە (٢٤) بڕگە پێکهاتبوو. شایەنی ئاماژەپێکردنە لە پێوەرەکەدا (٨) نیشانە سەرەکییەکەی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە، کە لە (TR-٥-DSM) داهاتوون، بەشێوەی بڕگە داڕێژرابوو. بەهای هەڵبژاردەکان بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە{هەمیشە (٤)، زۆرجار(٣)، هەندێك جار(٢)، بەدەگمەن (١)، هەرگیز (٠)} بوون. کۆنمرەی وەڵامی بڕگەکانی پێوەرەکە دەکرێت لە نێوان (٠) بۆ نزمترین نمرە و (٩٢) بۆ بەرزترین نمرە بێت. هەروەها پێش بەجێهێنانی کۆتایی، توێژەر چەند تایبەتمەندییەکی سایکۆمیتری بۆ پێوەرەکە ئەنجامدا لەوانە:

## راستگۆی ڕووخساری (Face Validity):

ئەم جۆرە لە راستگۆی گوزارشت لە هەڵسەنگاندنی بڕگە و چەمکەکانی پێوەرەکە ئەکات کە لەلایەن کۆمەڵێك پسپۆڕ و شارەزاوە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پێوەری شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوەی بە سەر(٧) شارەزا لەبواری پەروەردەو دەروونزانیی دابەشکرد. دوای وەرگرتنی راوبۆچوونی شارەزایان لەسەر گونجاوی بڕگەکان، دەرکەوت یەك بڕگە رێژەی پەسەندی لای شارەزایان لە (٨٠٪) کەمتربوو چونکە دووان لە شارەزایان بە گونجاویان نەزانی، بەمەش ئەو بڕگەیە لابراو کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ پێوانی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە بوو بە (٢٣) بڕگە.

## جێگیری: (Reliability)

هاوکێشەی کرۆنباخ - ئەلفا بەکارهێنرا بۆ زانینی جێگیری پێوەری شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە. دوای وەرگرتنی راپرسی (٤٠) منداڵ بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و شیکارکردنی هاوکێشەی کرۆنباخ - ئەلفا، دەرکەوت کە بەهای جێگیری پێوەرەکە ئەکاتە (٠,٧٤)، ئەمەش بەهایەکی پەسەنکراوە سەبارەت بە جێگیری پێوەری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکاندا.

## ئامرازە ئامارییەکان :

بۆ شیتەڵکردنی داتا و زانیارییەکان، بەرنامەی SPSS ی بەکارهێنراوە. ئەو ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنران :

Shapiro and Kolmogorov بۆ زانینی دابەشبوونی ئاسایی (Normal Distribution) سامپڵەکە.

رێژەی سەدی بۆ زانینی رێژەی بەربڵاوی (Prevalence) شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە لای منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم.

هاوکێشەی کرونباخ _الفا بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری توێژینەوەکە .

هاوکێشەی Mann-Whitney U Test بۆ زانینی جیاوازی لە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە بە پێی هەریەك لە گۆڕاوەکانی (رەگەز و تەمەن). ئەم هاوکێشەیە جێگرەوەی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) دوو نموونەی سەربەخۆیە و، لە کاتێکدا بەکارئەهێنرێت کە داتاکانی نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی سرووشتیی دابەش نەبووبن (Not normally distributed). (Sangawi, Adams & Reissland, ٢٠٢١.p.٣٧٠)

## ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان

ئەم بەشەی توێژینەوەکە تایبەتە بەخستنەڕووی ئەنجامەکان پشتبەست بەو زانیارییانەی کە لە نموونەی توێژینەوەکەدا وەرگیراون. هەروەها تاوتوێکردنی ئەنجامەکان و راسپاردە و پێشنیازەکانیش لەخۆئەگرێت.

## ئامانجی یەکەم: زانینی ڕێژەی بەربڵاوی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لای منداڵانی تووشبوو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم.

بۆ زانینی ئەم ئامانجە توێژەر هەستا بەجیاکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە پشتبەست بە وەڵامی ئەو بڕگانەی کە تایبەت بوون بە (٨) نیشانە سەرەکییەکەی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوەی(TR-٥-DSM)، کە تیایدا پێویستە لە هەر منداڵێکدا بەلایەنی کەمەوە چوارنیشانە بەدی بکرێت. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست لە کۆی نموونەی توێژینەوەکە (٢٠) منداڵ (١٦ کوڕ و ٤ کچ) زیاتر لە چوارنیشانەی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوەیان تیابوو، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە ڕێژەی بەربڵاوی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لای منداڵانی تووشبوو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لە سەنتەرەکانی شاری سلێمانی (٣١٪) ، ئەم ڕێژەیە (٢٥٪) ی کوڕان و (٦٪) ی کچان پێک ئەهێنێت.

ئەنجامی ئەم توێژینەوە ئەوە دەرئەخات کە نزیکەی یەك لەسەر سێی منداڵانی ئۆتیزم ئەناڵێنن بە دەست شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە. ئەم ئەنجامە هاوڕایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو، بەتایبەت Mandy et al.,. (٢٠١٤) و Gadow et al.,. (٢٠٠٨) کە بوونی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوەیان لای منداڵانی ئۆتیزم خستۆتە ڕوو. هۆکاری زیاد بەربڵاوی ئەم شڵەژانە لای منداڵانی ئۆتیزم لەوانەیە پەیوەست بێت بە بوونی گرفت لە لایەنی هزریی و مەعریفیی منداڵی ئۆتیزم، کە بەهۆیەوە بەپێی پێویست نەتوانن گوزارشت لە شتەکان بکەن و داخوازییەکانی خۆیان بە ڕێگەیەکی ئەقڵانیی بەدەست بهێنن. سەرەنجام زۆر جار لە ڕێگەی تووڕەبوون و ململانێ و بەرەنگاربوونەوەوە هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان ئەیەن. بۆیە شارەزایانی پەروەردە و دەروونزانی ئاماژە بەوە ئەکەن کە پێویستە دایکان و باوکان، چاودێر و مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت ئەم بابەتە بە هەند وەربگرن و بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵانی تووشبوو بە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە بکەن. چونکە یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم شڵەژانە لای منداڵ ئەگەڕێتەوە بۆ هەڵە لە شێوازی مامەڵەکردنی دایك و باوکان کە ڕێگا خۆش ئەکات بۆ منداڵ لە داهاتوودا فێری هاوارکردن و کەلە ڕەقی و ململانێ و بەرەنگاربوونەوەی کەسانی تر بێت (Danforth,2007,p:354).

خشتەی (٢) بەربڵاوی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لای منداڵانی تووشبوو
بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لە سەنتەرەکانی شاری سلێمانی

| کۆی گشتی نموونەی توێژینەوەکە | ژمارەی ئەو منداڵانەی شڵەژانی ODD یان هەیە | ڕێژەی سەدی | ژمارەی کوڕان | ڕێژەی سەدی کوڕان | ژمارەی کچان | ڕێژەی سەدی کچان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 64 | 20 | 31 | 16 | 25% | ٤ | 6% |

## ئامانجی دووەم : زانینی جیاوازیی لە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لای منداڵانی ئۆتیزم بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (کچ ، کوڕ ).

توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی Mann-Whitney U Test بۆ دۆزینەوەی جیاوازیی لە ئاستی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ. وەك لە خشتەی (٣) دا خراوەتەڕوو، پلەی ناوەندەژمێریی کوڕان (٣٦,٢٧) وپلەی ناوەندی ژمێریی کچان (٢٢,٠٩) بوو، پاش ئەنجامدانی هاوکێشەی مان ویتنی دەرکەوت کە بەهای U Test ئەکاتە (U = ٢٢٢,٥ ,p = .٠٠٧; Z= -٢,٦٩ ) بەمەش دەرکەوت کە جیاوازیی هەیە لە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لای منداڵانی ئۆتیزم بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، وە لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێر.

خشتەی ( ٣ ) جیاوازیی ئاماری لە نێوان کوڕان و کچان سەبارەت بە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە

| ڕەگەز | ژمارە | پلەی ناوەندەژمێریی Mean Rank | کۆی پلەکان Sum of Ranks | بەهای زائی Z-test | Mann-Whitney U test | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کوڕان | 47 | 36.27 | 1704.5 | -2.69 | 222.5 | 0.007 |
| کچان | 17 | 22.09 | 375.50 | | | |

لە خشتەی (٢) دا خراوەتەڕوو کە منالانی ئۆتیزم لە رەگەزی نێر زیاتر ئەناڵێنن بەدەست شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە بەراورد بە رەگەزی مێ. لە دەرەنجامی توێژینەوەکانی پێشوودا دەرکەوتووە کە کوڕان ئاستی کێشە رەفتارییە دەرەکییەکانیان (Externalizing behavioural problems) زیاترە بەراورد بە کچان (Braza et al., ٢٠١٥; Sangawi et al., ٢٠١٨). جیاوازیی تاکایەتی لە پەروەردەکردن و تێڕوانینی کلتوری لای بەشێکی کۆمەڵگا لە لایەك، کە پێیان وایە پێویستە رەگەزی مێ لەسەرخۆ و شەرمن بن و، پێدانی سەربەستی زیاتر بە رەگەزی نێر لە لایەکی ترەوە لەوانەیە هۆکارێك بن لە بەرزی ئاستی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە لای کوڕان. ئەم ئەنجامە هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو، بۆ نموونە De Ancos and Ascaso (٢٠١١) ، العبيدي (٢٠٢٣) و، راپۆرتی کۆمەڵەی پزیشکانی دەروونیی ئەمریکی کە دەرکەوتووە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە لای رەگەزی کوڕان زیاتر بەربڵاوترە بەراورد بە کچان.

## ئامانجی سێیەم: زانینی جیاوازیی لە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە لای منالانی ئۆتیزم بەپێی گۆڕاوی تەمەن.

دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی Mann-Whitney U Test دەرکەوت کە پلەی ناوەندەژمێریی گرووپی منالانی تەمەن سێ بۆ شەش ساڵ (٢٦,٨٧) و پلەی ناوەندی ژمێریی گرووپی تەمەن حەوت بۆ یانزە ساڵ ( ٤٢,٥٤) بوو. پاش ئەنجامدانی هاوکێشەی مان ویتنیی دەرکەوت کە بەهای U Test ئەکاتە (U = ٢٤٠,٥٠, p = .٠٠١; Z= -٣,٢٣ ). ئەمەش ئەوە ئەخاتەڕوو کە جیاوازیی هەیە لە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە لای منالانی ئۆتیزم بەپێی گۆڕاوی تەمەن و، لە بەرژەوەندی منالانی تەمەن (٧-١١) ساڵان.

خشتەی (٤) جیاوازیی لە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە بە پێی گۆڕاوی تەمەن

| گرووپی تەمەن | ژمارە | پلەی ناوەندەژمێریی Mean Rank | کۆی پلەکان Sum of Ranks | بەهای زائی Z-test | Mann-Whitney U test | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 – 6 ساڵ | 41 | 26.87 | 1101.5 | -3.23 | 240.50 | 0.001 |
| ٧ – ١١ ساڵ | 23 | 42.54 | 978.5 | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٤) دا خراوەتەڕوو، شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی رەتکردنەوە لای گرووپی تەمەن (٧-١١) زیاترە. هۆکاری ئەم جیاوازییە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەتاوەکو تەمەنی منال گەورەتربێت ویست و داخوازیی زیاتر ئەبێت و، لە کاتی بەجێنەهێنانی داخوازییەکانی و ئاراستەنەکردنی بەشێوەیەکی پەروەردەیی لە لایەن دایک و باوکیەوە دەکرێت منال رووبەڕووی ململانێی و کەللەڕەقیی بکاتەوە. هەروەها وەڵامدانەوەی دایك و

باوك بە ڕێگایەکی نەگونجاو، بۆ نموونە (سەرزەنشتکردن، تووڕەبوون و بێزارکردن) بە هۆکاری درووستبوونی ئەم ڕەفتارە دادەنرێت Herbert & wookeyj, ٢٠٠٤,p:٤٣)). دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوڕایە لەگەڵ لە دەرەنجامی توێژینەوەکەی Gadow et al., (٢٠٠٤a) دەرکەوتووە کە ڕێژەی بەربڵاوی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لای منالی (٣-٥) ساڵی تووشبوو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم (١٣٪) بوو، بەڵام ئەم ڕێژەیە بە گەورەبوونی تەمەن زیادیکرد بە جۆرێك کە لای منالانی ١٢ ساڵان گەیشتە (٢٧٪).

## دەرئەنجامەکان :

## توێژینەوەکە بەم دەرەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١.ڕێژەی بەربڵاویی (نسبة الشیوع) شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە بە گشتی لای منالی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لە سەنتەری شاری سلێمانی (٣١ ٪) بوو، لەو ڕێژەیە کوڕان( ٢٥٪) و کچان ( ٦٪) پێک ئەهێنێت.

٢.جیاوازیی ئاماریی بەڵگەدار هەیە لە نێوان منالانی ئۆتیزم لە ڕەگەزی نێر و مێ، سەبارەت بە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە و لە بەرژەوەندی نێر.

٣.جیاوازیی ئاماریی بەڵگەدار سەبارەت بە شڵەژانی بەرەنگاربونەوەی ڕەتکردنەوە هەیە لە نێوان منالانی ئۆتیزم بە پێ ی گۆڕاوی تەمەن و لە بەرژەوەندی منالانی تەمەن گەورە.

## ڕاسپاردەکان :

## لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە خرانەڕوو :

١.بەجێهێنانی چالاکیی و درووستکردنی نامیلکەی تایبەت بۆ ڕاهێنەران ومامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە سەنتەر و خوێندنگەکان سەبارەت بە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لە ڕووی (ناساندن، هۆکار، چارەسەر...).

٢.هاندانی دایکان و باوکان لە بەشداریکردنی چەند کۆڕێکی پەروەردەیی و دەروونیی سەبارەت بە شێوازی مامەڵەی درووست لەگەڵ منالەکانیان کە ئاستێکی بەرزیان لە شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە هەیە.

٣. ڕاهێنەران و مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت پێویستە ڕەچاوی جیاوازیی تاکایەتی بکەن بە تایبەتی لە ڕووی تەمەن و ڕەگەزی ئەو منالانەی کە ئۆتیزمن و ئاستی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە یان بەرزە.

## پێشنیارەکان :

## لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکان توێژەر ئەم پێشنیارانە ئەخاتەڕوو :

١.ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە دەربارەی زانینی ڕێژەی بەربڵاوی شڵەژانی فرەجووڵە لای منالانی ئۆتیزم.

٢. لە توێژینەوەکانی داهاتوودا هەوڵ بدرێت بەراوردی ڕێژەی بەربڵاوی شڵەژانی بەرەنگاربوونەوەی ڕەتکردنەوە لە نێوان سەنتەرە حوکومیی و تایبەتەکاندا بکرێت.

٣. توێژینەوەیەکی هاوشێوە بەجێ بهێنرێت و چەند گۆڕاوێکی وەکو (ئاستی ئەکادیمیایی، لایەنی ئابووریی، خێزانیی) دایکان و باوکانی منالەکان بەهەند وەربگیرێت.

Oppositional Defiant Disorder (ODD) among children with Autism Spectrum Disorder

# Abstract

Previous studies have shown the consequences of Oppositional Defiant Disorder (ODD) among children. It has been argued that autistic children could suffer from high level of (ODD). Due to the importance of this topic, this study attempted to investigate the prevalence of (ODD) among autistic children. The sample consisted of ٦٤ autistic children (age range ١١-٣ years old) who were randomly selected from three centers in Sulaimani city. A scale by Al-Dusuqi (٢٠١٥) was utilized to measure (ODD) and the psychometric characteristics such as validity and reliability for this scale was extracted. The results of the study showed that the prevalence of (ODD) among children with autism spectrum disorder was ٪٣١. Children, suggesting that thirty one percent of the autistic children are suffer from Oppositional Defiant Disorder. It was also found that boys have high level of (ODD) than females. Concerning the differences based on the age group, it was revealed that increasing age is a significant contributor to the occurrence of (ODD) among autistic children. In light of these results, several recommendations have been made.


**Keywords: Disorder, Oppositional Defiant Disorder, Autism Spectrum Disorder.**


# ملخص البحث

تشير نهەتائج الدراسات السابقة الى الاثار السلبية المترتبة عن اضطراب التحدي الاعتراضي لدى الاطفال، و ان ارتفاع نسبة هذا الاضطراب لها هەتاثير سلبي اكبر على سلوك الاطفال المصابين باضطراب طيف التوحد. و نظراً لاهمية هذا الموضوع فانه و من خلال البحث الحالي نسعى الى التعرف على اضطراب التحدي الاعتراضي لدى الاطفال المتوحدين. لقد هەتالفت عينة البحث من (٦٤) طفلاً مصاباً بالتوحد من ثلاث مراكز هەتاهيلية في مركز مدينة السليمانية. و بعد استخراج الخصائص السايكومترية من صدق و ثبات اعتمد الباحث مقياس الدسوقي (٢٠١٥) لغرض قياس اضطراب التحدي الاعتراضي. و اشارت النهەتائج الى ان (٣١٪) من الاطفال المصابين باضطراب طيف التوحد يعانون من اضطراب التحدي الاعتراضي، وان الاطفال من الذكور يعانون من هذا الاضطراب بنسبة اكبر مقارنة بالاناث، و ان هذا الاضطراب يزداد مع التقدم العمر.


الكلمات الرئيسية: الاضطراب، نسب الشيوع، اضطراب التحدي الاعتراضي، اضطراب طيف التوحد.

# سەرچاوەکان


الدسوقي ، مجدي محمد) ٢٠١٥) ، مقياس اضطراب العناد و التحدي ، دار الفرحة للنشر و التوزيع ، القاهرة.

رشيد ، بشير رشيد و اخرون( ٢٠٠١)، سلسلة تشخيص الاضطرابات النفسية ، اضطرابات النفسية في الطفولة و المراهقة ، المجلد الثاني ، مكتب الانماء الاجتماعي ، كويت ،

العبيدي، هبة مناضل. (٢٠٢٣). التناقض الوجداني وعلاقته باضطراب التحدي المعارض لدى الطلبة المضطربين سلوكيا ، مجلة آداب المستنصرية : مجلد ٤٧ عدد ١٠١.

القرعان، جهاد سليمان محمد(٢٠١٧) مستوى اضطراب المعارضة و التحدي لدى الطلبة ذوي صعوبات التعلم و الطلبة العاديين. مجلة العلوم التربوية،مج. ٢٥، ع. ١، ص. ٢-٢٨.

قەرەچەهەتانی, کەریم شەرف(٢٠١٥): دەروازەی پەروەردەی تایبەت, چاپی یەکەم, چاپخانەی پیرەمێرد. سلێمانی.

American Psychiatric Association. (1987). Diagnostic and statistical manual. Washington, DC: APA Press.

American Psychiatric Association. (2022). Diagnostic and statistical manual of mental disorders (5th ed., text rev.) https://doi.org/10.1176/appi.books.9780890425787

Braza, P., Carreras, R., Muñoz, J. M., Braza, F., Azurmendi, A., Pascual-Sagastizábal, E., ... & Sánchez-Martín, J. R. (2015). Negative maternal and paternal parenting styles as predictors of children's behavioral problems: Moderating effects of the child's sex. Journal of Child and Family Studies, 24, 847856-.

Carr, J. (1999). Your Defiant Child: Eight Steps to Better Behavior. RS Barkley & CM Benton. New York: The Guilford Press, 1998. pp. 239 (pb). Child Psychology and Psychiatry Review, 4(4), 190193-.

Danforth, J. S. (2007). Training parents of children with co-morbid attention-deficit hyperactivity disorder and oppositional defiant disorder. Handbook of parent training: helping parents prevent and solve problem behaviors. Hoboken, NJ, US: John Wiley & Sons Inc, 345378-.

De Ancos, E. T., & Ascaso, L. E. (2011). Sex differences in oppositional defiant disorder. Psicothema, 666671-.

Diamantopoulou, S., Verhulst, F. C., & van der Ende, J. (2010). Testing developmental pathways to antisocial personality problems. Journal of Abnormal Child Psychology, 38, 91103-.

Frankel, F., & Feinberg, D. (2002). Social problems associated with ADHD vs. ODD in children referred for friendship problems. Child Psychiatry and Human Development, 33(2), 125146-.

Gadow, K. D., DeVincent, C. J., & Drabick, D. A. (2008). Oppositional defiant disorder as a clinical phenotype in children with autism spectrum disorder. Journal of Autism and Developmental Disorders, 38, 13021310-.

Gadow, K. D., Drabick, D. A., Loney, J., Sprafkin, J., Salisbury, H., Azizian, A., & Schwartz, J. (2004a). Comparison of ADHD symptom subtypes as source-specific syndromes. Journal of Child Psychology and Psychiatry, 45(6), 11351149-.

Hallahan,D.Kuffman,&pullen )2009(,Exceptional learners , 8th edition, Allyn &Bacon

Herbert, M., & Wookey, J. (2004). Managing Children's Disruptive Behaviour: A guide for practitioners working with parents and foster parents. John Wiley & Sons.

Holland, K.(2019). What Oppositional Defiant Disorder (ODD) Looks Like in Children retrieved from www.healthline.com in 122023/02/

Jogdand, A. M. (2020). The effectiveness of parent–child interaction therapy on oppositional defiant disorder (ODD). International Journal of Indian PsychȮlogy, 8(3).

Lavigne, J. V., LeBailly, S. A., Gouze, K. R., Cicchetti, C., Pochyly, J., Arend, R., ... & Binns, H. J. (2008). Treating oppositional defiant disorder in primary care: a comparison of three models. Journal of Pediatric Psychology, 33(5), 449461-.

Mandy, W., Roughan, L., & Skuse, D. (2014). Three dimensions of oppositionality in autism spectrum disorder. Journal of Abnormal Child Psychology, 42, 291300-.

Prout, T. A., Chacko, A., Spigelman, A., Aizin, S., Burger, M., Chowdhury, T., ... & Hoffman, L. (2018). Bridging the divide between psychodynamic and behavioral approaches for children with oppositional defiant disorder. Journal of Infant, Child, and Adolescent Psychotherapy, 17(4), 364377-.

Salend, S. J., & Sylvestre, S. (2005). Understanding and addressing oppositional and defiant classroom behaviors. Teaching exceptional children, 37(6), 3239-.

Sangawi, H., Adams, J., & Reissland, N. (2018). The impact of parenting styles on children developmental outcome: The role of academic self-concept as a mediator. International Journal of Psychology, 53(5), 379-387.

Sangawi, H., Adams, J., & Reissland, N. (2021). Individual Differences in Executive Function: The Role of Parental Monitoring as a Moderator. Journal of Attention Disorders, 25(3), 364376-.

Simonoff, E., Pickles, A., Charman, T., Chandler, S., Loucas, T., & Baird, G. (2008). Psychiatric disorders in children with autism spectrum disorders: prevalence, comorbidity, and associated factors in a population-derived sample. Journal of the American Academy of Child & Adolescent Psychiatry, 47(8), 921929-.

Stevens, G. W. J. M., Vollebergh, W. A. M., Pels, T. V. M., & Crijnen, A. A. M. (2007). Parenting and internalizing and externalizing problems in Moroccan immigrant youth in the Netherlands. Journal of Youth and Adolescence, 36(5), 685695-. doi: 10.1007/s109649112--006-z

Turgay, A. (2009). Psychopharmacological treatment of oppositional defiant disorder. CNS drugs, 23, 117-.